حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی پەروەردە
نووسینگەی وەزیر

حكومة إقليم كوردستان- العراق
مجلس الوزراء
وزارة التربية
مكتب الوزير

ISO 9001 : 2015

ژمارە : ١٨٩
ڕێکەوت: ٢٣/ جۆزەردان/٢٧٢٤ کوردی

العدد: ١٨٩
التأريخ: ٢٠٢٤/٦/١٣

# فەرمانی وەزاری

**لەبەر بەرژەوەندی گشتیی و باش بەڕێوەچوونی پرۆسەی (تاقیکردنەوەکانی پۆلی١٢ی ئامادەیی بە هەموو بەشەکانییەوە)، وێڕای ڕێنماییە گشتییەکانی لیژنەی باڵای تاقیکردنەوە گشتییەکان، بڕیاماندا بە:**

**١-** پێویستە سەرپەرشتیار و بەڕێوەبەر و یاریدەدەر و چاودێری هۆڵەکانی تاقیکردنەوە **کەشێکی گونجاو بۆ قوتابیان و خوێندکاران** فەراهەم بکەن.

**٢-** پاڵپشت بە یاسای پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستان - عێراق **(دەستدرێژیکردن بۆ سەر مامۆستا لەکاتی جێبەجێکردنی ئەرکەکەی، یاخود بەهۆی وەزیفەکەیەوە، بەباری توندکاری سزای دەستدرێژکردنە سەر فەرمانبەری دەوڵەت دادەنرێت)**، هەر قوتابی و خوێندکارێک یان بەخێوکاریان یان کەسوکاریان ڕەفتاری نابەجێ بەرامبەر دامەزراوە پەروەردەییەکان و مامۆستایان بکات سکاڵای یاسایی لەسەر تۆماردەکرێت، هەروەها ئەو ساڵی خوێندنەشی بە کەوتوو هەژماردەکرێت و ڕێگەی پێنادرێت تاقیکردنەوەکان بکات، بەتایبەتیش لەکاتی تاقیکردنەوە گشتییەکان، پێویستە سەرپەرشتیار و بەڕێوەبەر و یاریدەدەر و چاودێری هۆڵ هەست بە پشتیوانی یاسایی بکەن و بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەکان دەبێت سکاڵاکاربن بە فەرمی.

**٣-** بردنە ژوورەوەی هەموو **جۆرە ئامێرێکی ئەلیکترۆنی بۆ ناو ناوەندەکانی تاقیکردنەوە قەدەغەیە** و ڕێگە پێنەدراوە.

**٤-** سەرپەرشتیار و بەڕێوەبەر و یاریدەدەر و چاودێری هۆڵەکان **نابێت بە هیچ جۆرێک مۆبایلی زیرەک بەرنە ناو ناوەندی تاقیکردنەوە و هۆڵەکانی تاقیکردنەوە**، جگە لەو مۆبایلە تایبەتەکەی کە بۆ بەڕێوەبەری هۆڵەکان دابینکراوە، هەر حاڵەتێکی لەو جۆرە ڕوویدات پێویستە لیژنەی لقی تاقیکردنەوەکان ڕاپۆرتی خۆیان بۆ لیژنەی باڵای تاقیکردنەوەکان بنێرن و گومان دەکرێت کە هاوکاری گزی (غش) کراوە و دەدرێت بە لیژنەی لێکۆڵینەوە.

**٥- پرسیاری بابەتەکانی تاقیکردنەوە لە قوتابیان وەردەگیرێنەوە لەلایەن مامۆستای چاودێر** و پێویستە بەڕێوەبەری هۆڵ و یاریدەدەر لەوە دڵنیابنەوە کە پرسیارەکان و پەڕەی سۆما وەردەگرنەوە، پرسیاری هەموو قوتابییەک ناوی خۆی لەسەرە، هەر پەڕەیەکی سۆمای قوتابی و خوێندکار ئەگەر پەڕەی پرسیاری تاقیکردنەوەکانی لەگەڵدا نەگەڕێتەوە، **نمرەی بۆ هەژمارناکرێت**.

**٦-** پشکنین بۆ هەموو قوتابیان و خوێندکاران ئەنجام دەدرێت پێش چوونە هۆڵی تاقیکردنەوە، هەموو جۆرە ئامێرێکی ئەلیکترۆنی و زیرەک، کاتژمێری زیرەک و مۆبایل هەموو جۆرەکانی دیکەش ڕێگەپێنەدراوە، پێش تاقیکردنەوە و بەر لە چوونە هۆڵی تاقیکردنەوە هەر قوتابی و خوێندکارێک ئەو ئامێرانەی پێبوو لێی وەردەگیرێت، لەناو هۆڵی تاقیکردنەوە بە گزی (غش) هەژمار دەکرێت.

**٧-** لەکاتی تاقیکردنەوەکان و پاش تەواو بوونیشیان، لیژنەی لقی تاقیکردنەوەکان و سەرپەرشتیار و بەڕێوەبەر و یاریدەدەر و چاودێرەکان و **هیچ کەسێکی دیکە مافی نییە پرسیارەکان وێنە بگرێت و لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بڵاوی بکاتەوە**، کۆدی تایبەت لەسەر هەموو پرسیارێک دانراوە، بڵاوبوونەوەی هەر پرسیارێک پاش تاقیکردنەوەکانیش نمرەی خاوەنی پرسیارەکە و بەرپرسی ناوەندەکە ڕادەگرێت و دەیخاتە بەردەم لێکۆڵینەوەی یاسایی کە بۆ ئەم مەبەستە لیژنە پێکهاتووە لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان.

**٨-** مامۆستایان و سەرپەرشتیاران و فەرمانبەرانی دیکەش مافیان نیە کە پرسیارەکانی پۆلی ١٢ ی ئامادەیی پاش تاقیکردنەوەکان بڵاوبکەنەوە و وەڵامیان بۆ دیاریبکەن، لەلایەن لیژنەی باڵای تاقیکردنەوە گشتییەکان ڕۆژانی تاقیکردنەوە پاش تەواوبوونی تاقیکردنەوەکان وەڵامەکان دیاری دەکرێن، پاشان تەنها لیژنەی باڵا ڕێگەپێدراوە کۆپییەک لە پرسیارەکان و وەڵامی نموونەیی بڵاوبکاتەوە، هەر تێبینی و سەرنجی گشتیی هەبێت پێشکەش بەڕێوەبەری پەروەردەی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان دەکرێت بە نووسین، ئەو بەڕێزانە لە پەیوەندی دەبن لەگەڵ لیژنەی باڵای تاقیکردنەوەکان.

**٩-** ڕووماڵی ڕاگەیاندنەکان لە یەکەم ڕۆژی تاقیکردنەوەکانی پۆلی ١٢ ی ئامادەیی: بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی پارێزگا یان ئیدارەی سەربەخۆ دەسەڵاتی هەیە کە یەک ناوەندی تاقیکردنەوە دیاری بکات لە سنووری پەروەردە گشتییەکەی و لێدوان بۆ ڕۆژنامەنووسان بدات لە دەرەوەی هۆڵەکە لەسەر دەستپێکی پرۆسەکە و داتا و زانیارییەکانی پارێزگاکەی یان ئیدارە سەربەخۆکەی بخاتەڕوو.

**ئالان حمەسعید صالح**

**وەزیری پەروەردە**

**٢٠٢٤/٦/١٢**

**وێنەیەک بۆ:-**

- نووسینگەی بەڕێز وەزیر/ لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز بریکاری وەزارەت/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتیی دیوان/ بۆ زانین و کاری پێویست.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتیی تاقیکردنەوەکان و ساڵنامەی خوێندن/ بۆ ئاگاداری و کاری پێویست.
- گشت بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەکانی سەر بە دیوانی وەزارەت (                    )/ بۆ ئاگاداری و کاری پێویست بە گوێرەی پەیوەندیداری.
- گشت بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەکانی پەروەدەی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان (                    )/ بۆ کاری پێویست.
- بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون - نووسینگەی بەڕێز وەزیر / بۆ بەدواداچوون.
- خولاو.